ئەدەب




# دراوسێیەتی: تۆوەکانی گێڕانەوەیەکی سەرکەوتوو لە ڕۆمانێکدا

## ماریۆ ڤارگاس یوسا


د. هاشم ئەحمەدزادە



ژنەفتن
JINEFTIN.KRD
jineftin.krd

ئەدەب

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

# پێشەکی

لە ژیانی ڕۆژانە و لە دونیای دەوروبەرماندا شتەکان خۆیان دەردەخەن و زەینی ئێمەش دەیانخوێننەوە. هەر ئەم ژیانی ڕۆژانەیە و هەر ئەو دونیای دەوروبەرە دەتوانن ببن بە کەرەســـەی گێڕانەوەی وەگێڕەکان و لە دووتوێی ڕۆمانەکاندا هەمدیســـان بێنەوە بەر زەین و خوێندنەوەی ئێمەوە. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئیتر ژیانی ڕۆژانە و دونیای دەوروبەر لە فیلتەری وەگێڕەوە تێپەڕ دەبن و وێنا دەکرێنەوە و ئەمجارەیان خوێنەر دەبێتە بینەر و بیســـەر و هەســـتپێکەری دیاردەکان لە گۆشـــەنیگای جیهانبینیی نووســـەر/وەگێڕەوە. هەموو ســـەرکەوتوویی گێڕانەوەیەک ڕێک لەم خاڵەدایە کە وەگێڕەکەی بە یارمەتیی کامە تێکنیک یان تێکنیکەکانی گێڕانەوە، مەودای بواری گێڕانەوە و زەینییەتی خوێنەرەوە پڕ دەکاتەوە.[١] گەر وەک خوێنەر خۆت لەبەردەم گێڕانەوەیەکدا بینییەوە کە هەســـت بە تێپەڕبوونی لە فیلتەری وەگێڕەوە نەکەی، ئەوە شانسی ئەوەت هەیە کە ڕووداوەکانی وەگێڕدراو باشتر لەوەی لە جیهانی ڕاستەقینەدا هەن بێنییە بەر دید و خوێندنەوەت و لە چوونە نێو دونیاکەدا سەرمەست و سەرسام هەست بە شکاندنی کۆدەکانی مانای دەق، کۆدەق، پێشدەق و هاودەق و نێواندەق بکەی. هاوکات شانسی ئەوەشت هەیە کە مۆسیقای جوانیناسانەی وەگێڕ لە کاتی خوێندنەوەی ڕووداوەکاندا چێژی خوێندنەوەت لا زیاتر بکات و بە ســـیحری وردبینیی نووســـەرەوە دەرفەتی لێوردبوونەوەی زیاترت لە لابرینتی ڕووداوەکان بۆ برەخســـێت و گێڕانەوەکە باشـــتر بە چۆڵەپێچی پێچەڵپێچی ڕووداو و دیاردەکاندا شـــۆڕت کاتەوە و یارمەتیدەرت بێت بۆ تێگەیشتن لە جیهانی پڕ لە ڕەمز و ڕازی مرۆڤ.

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تێکنیکەکانی گێڕانەوە لە چەند لاپەڕەی چڕدا، بڕوانە:
Abbott, H. Porter, 'Narrative', in Logan, Peter Melville (ed.), *The Encyclopedia of the Novel*, Volume I and II, Oxford: Wiley-Blackwell, 2011, pp. 533-540.

## دراوسێیەتی

دراوســـێیەتی هەژدەهەمین ڕۆمانی نووســـەری ناوداری پێروییە کە لە ٢٠١٨دا بڵاو بووەوە[٢] و بوو بە بەرهەمێکی دیکەی نووســـەر بۆ نیشـــاندانی توانایە بێوێنەکانی. ڤارگاس یوسا پێشتر وەک نووسەرێکی جیهانی ناسرابوو،[٣] بەڵام بەم ڕۆمانەی دیوێکی دیکەی تواناییەکانی خۆی نیشانی خوێنەرانی دا: دەستبردن بۆ تابووە کۆمەڵایەتییەکان و لەم ڕێگەیەوە شرۆڤەکردنی کۆمەڵگە و مرۆڤ و سیاسەت و دەسەڵات و ناسنامە و چینی کۆمەڵایەتی و هتد. هەموو ئەم تایبەتمەندییانە و زۆر بواری دیکەش کە لەم ڕۆمانە ٢٢٠ لاپەڕەییەدا دەردەکەون لە ئاســـتێ یەک شـــتدا دەکەونە پلەی دووهەمی گرنگیی ئەدەبییەوە، ئەویش تایبەتمەندیی گێڕانەوەیی ڕۆمانەکەیە. خاڵی هەرە بەرجەستەی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە کە هەست دەکەی هەموو تۆوەکانی گێڕانەوە لە ئاستی هەرە بەرزدا خەملێندراون و بۆ هەر سەرکەوتوویەکی ئەدەبی و شێوازی نووسین، گەر پێویست بە نموونەیەکی بەرز هەبێت، ئەوە لەم گێڕانەوەیەدا بەدیی دەکرێت.

لەم وتارەدا ئاماژە بە هێندێک لە لایەنە ئەدەبییەکانی گێڕانەوەیی دەکەم و هەوڵ دەدەم هۆکارەکانی ســـەرکەوتوویی گێڕانەوەکە نیشـــان بدەم. هەڵبەت پێویســـتە بڵێم پێداچوونەوەکانی ســـەر ئەم ڕۆمانە و خوێندنەوەکانی خۆیشـــم دەری دەخەن کە دراوســـێیەتی باشـــترین ڕۆمانی ڤارگاس یوســـا نییە.[٤] چوار کاراکتەری ســـەرەکیی ئەم ڕۆمانە ســـەر بە دوو بنەماڵەن. ماریســـا و مێردەکەی، ئێنریک، کە خاوەن کانگەیەکی

---

[٢] Vargas, Llosa Mario, *The Neighborhood*, English translation Edith Grossman, New York: Farrar, Straus and Giroux, 2018.

[٣] بۆ زانیاریی ورد لەسەر دونیابینی و بەرهەمەکانی ماریۆ ڤارگاس یوسا بڕوانە:
Köllmann, Sabine, *A Companion to Mario Vargas Llosa*, Woodbridge: Tamesis, 2014.

[٤] بۆ نموونە بڕوانە سەر چەند پێداچوونەوە کە ئەم ڕۆمانە بە سەرکەوتووترین ڕۆمانی ڤارگاس یوسا دانانێن و تەنانەت ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرن کە وەک ڕۆمانێکی گەشـــتپەشـــەند خۆیا دەکات. لەم پێداچوونەوانەی خوارەوەدا دەتوانن چەند لەو ڕانان و هەڵسەنگاندنانە ببینن:
East, Ben, 'A steamy page-turner', *The Observer*, 13 May 2018, retrieved 5 April 2021.
Quinn, Anthony, 'Scandal of a nation of gossips', *The Guardian*, 27 April 2018, retrieved 6 April 20210.
Garner, Dwight, 'A Pulpy New Novel and Juiceless Old Essays from Mario Vargas Llosa', *The New York Times*, 19 Feb. 2018, retrieved 6 April 2021.

گەورەیە و تا بڵێی دەوڵەمەندە. چابێلا و لوچیانۆی مێردی کە پارێزەرێکی بەناوبانگە و دۆستی نزیکی ئێنریکە. ماریسا و چابێلاش دەستەخوشکی نزیکن. ئەم دوو پیاوە هەر دووک دەرچووی زانکۆ بەناوبانگەکانی ڕۆژاوان و دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوون. ئالبێرتۆ فوجیموریی سەرۆککۆمار تەنیا جارجار ناوی دێتە گۆڕێ و ئەوەی وەک لایەنی سیاسیی ڕۆمانەکە نوێنەرایەتیی سیستمی دیکتاتۆرییەت دەکات کەسێکە بە ناوی "دکتۆر" کە لە ڕاستیدا هەمان بەرپرسی دەزگای ئەولەکاریی ڕژێمی فوجیمورییە بە ناوی ڤلادیمیر مۆنتێسینوس.[٥] ئەم فاکتە مێژوویی و سیاسییانە بالانسێکی گرنگی گێڕانەوەی مێژوویی دەدەن بە ڕۆمانەکە و خوێنەر بە هاسانی ڕووداوەکانی کۆمەڵگەی پێروی لە زەینیدا وێنا دەکرێت. بەڵام ئەم لایەنە لۆکالییە بە هیچ شێوەیەک لە لایەنی جیهانیی گێڕانەوەکە کەم ناکاتەوە. هەر بۆیەشە لە هەموو دونیادا ڕووداوەکانی جۆغرافیایەکی دیاریکراوی ***ڤارگاس یوسا*** دەبێتە نوێنەری ڕووداوگەلی جیهانی و هەموو خوێنەرێک لە هەموو فەرهەنگێکدا هەستی پێدەکات، چێژی لێ وەردەگرێت و لێی فێر دەبێت. ئەم دیالێکتیکی لۆکالی و جیهانییە یەک لە خاڵە هەرە زەقەکانی گێڕانەوەی سەرکەوتوانەیە

پێشتر لە وتارێکدا بە هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی **جێژنی نێری**[٦] باسی ئەوەم کردووە کە ڤارگاس یوسا داهێنەری بنژانرێکی گێڕانەوەییە بە ناوی ڕۆمان و دیکتاتۆر. لەم جۆرە ڕۆمانانەشدا هێندە وەستایانە دیاردەی دیکتاتۆری لە ئامریکای لاتین و بەربەرەکانیی لەگەڵ سیستمگەلی دیکتاتۆریدا وێنا دەکات کە خوێنەر تا ئەوپەڕی چێژ و وشیاریی ئەدەبی دەبات.[٧] ئاگاداریی و زانایی ڤارگاس یوسا لەسەر ئامریکای لاتین و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی هەر لە ڕۆمانەکانیدا دەرناکەوێت. ئەو لە وتارگەلی جیاوازیشدا لەسەر هەمان ڕێچکە دەڕوات و نیشانی دەدات چۆن لەسەر نەک هەر وڵاتی خۆی، پێرو، بەڵکو لەسەر وڵاتانی ئامریکای لاتین بە گشتی نووسەرێکی توانا و زانایە. هەر لەو ساڵەیدا کە ڕۆمانی دراوسێیەتی چاپ و بڵاو کرایەوە، کۆمەڵێک

---

[5] VladimiroMontesinos

[٦] Mario Vargas Llosa, *The Feast of the Goat*, trans Edith Grossman, London: Faber, 2002.

[٧] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕۆمان و دیکتاتۆر و بە تایبەتی ڕۆمانی جێژنی نێری، بڕوانە:
ئەحمەدزادە هاشم، 'ڕۆمان و دیکتاتۆر'، **زمان، ئەدەب و ناسنامە**، ستۆکهۆلم: ئەرزان، ٢٠١١، لل. ٤٠-٣٧.

وتاری کۆن و نوێی نووســـەر لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی شـــمشـــێر و یوتۆپیا: خەیاڵەکانی ئامریکای لاتین، بڵاو بووەوە.[٨] کۆی ئەم وتارانە پێشـــاندەریی تێگەیشـــتن و شـارەزایی هەمەلایەنەی ڤارگاس یوسـان لەسـەر بەسـتێنە جۆراجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ لە ئامریکای لاتین.

## وەگێڕی هەردەم ئامادە و نادیار[٩]

فرەدەنگی وەک تۆوێکی سەرەکیی ڕۆمان و ڕەنگە وەک خاڵی هەرە گرنگی جیاکەرەوەی ڕۆمان لە ژانرەکانی پێش خۆی، بۆ نموونە، حەماســـە و حەکایەت و ئەفســـانە، لە ڕۆمانەکانی ڤارگاس یوســـادا بەردەوام ئامادەیی تەواوی هەیە و بووەتە دیوی گەش و بەرجەسـتەی شـێوازی ئەم نووسـەرە. لەم ڕۆمانەشـدا ئەم ڕێچکەیە بەر نەدراوە و بگرە وەک ئەزموونی جێگرتووی نووســـەر زیاتر لە جاران خۆی دەردەخات. ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا کۆی ڕۆمانەکە وەگێڕێکی هەمووشـتزانی هەردەم ئامادەی لە دەرەوەی ڕووداو و کات و شـــوێندا هەیە، بەڵام هێندە وەســـتایانە لەگەڵ دەربڕینە ڕاســـتەوخۆیەکانی کاراکتەرەکان ئاوێتە بووە کە خوێنەر هەســـت بە دەنگی دەرەکی ناکات و واها دەچێتە نێو دونیای گێڕانەوەکەوە کە بەســەرهاتەکان دەبن بە هەڵقوڵاوی دونیای زەینیی خودی خوێنەر. هـاوتەریـب لەگەڵ ئەم ئـامـادەییە ســـروشـــتییەی وەگێڕ، دیـالۆگی نێوان کاراکتەرەکان قســەی ئاخیری ئاگادارکردنەوەی خوێنەر دەکەن و لە نیشــاندانی ڕووداو و بەســـەرهاتەکاندا ڕۆڵی یەکەم دەگێڕن. لێرەدایە کە گێڕانەوە دەبێتە گوزارەی ژیان بە شـــێوەیەکی هێندە زیندوو و ئۆرگانیک کە ئەوە کاراکتەر و دیاردەکان و ڕووداوەکانن کە ڕاســـتەوخۆ دەدوێن و دەنگی تاقەتپرووکێن و ماندووکەری وەگێڕێکی ڕەزاگران و خۆتێهەڵقوتاندنە بێمۆڵەت و بەردەوامەکانی، ئازاری ڕەوتی خوێندنەوە و چێژوەرگرتنی خوێنەر نـادەن. بە واتـایەکی دیکە گێڕانەوە دەبێـت بە ڕەوتی جیـانەکراوەی ژیـان و کردەوەی خوێندنەوە. گەر لێرولەوێ هەڵکەوتەکان کارهاســانی بۆ چوونەوە ســەریەکی

---

[٨] Vargas Llosa, *Mario, Sabers and Utopias: Visions of Latin America*: Essays, tr. Anna Kushner, New York: Farrar, Straus & Giroux, 2018.

[٩] بۆ لێکدانەوەیەکی کورت و چڕوپڕی سەرکەوتوو لەسەر ئەم ڕۆمانە بڕوانە:
O’Loughlin, Michael, ‘The Neighbourhood by Mario Vargas Llosa: who is writing this?’ Irish Times, May 12, 2018, www.irishtimes.com, retrieved on 2/4/2021.

ڕووداوەکان دەکەن ئەوە هەمدیسان هەست بە دەستکردبوونیان ناکرێت و خوێنەر دەتوانێت زۆر بە هاسانی هەڵکەوتگەلی لەم چەشنە لەگەڵ ئەزموونی ژیانی تاکەکەسیی جیهانی دەوروبەری خۆی زۆر بە نامۆ نەزانێت. ڕەنگە ئەمە سروشتی ڕیئالیزمی ڤارگاس یوسا بێت کە زۆر جار هەتا سنوورەکانی سروشتخوازی (naturalism) دەچێت و بە پشتبەستن بە تێگەیشتنی قووڵ لە میکانیزم و کارکردی دەروونناسانەی مرۆڤ و کۆمەڵگە لایەنی باوەڕپێهێنانی خوێنەر بە گێڕانەوەکان لە ئاستێکی بەرزدا دەستەبەر دەکات.

لەبیرمان بێت کە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٠ی سەرۆککۆماریی پێرودا ماریۆ ڤارگاس یوسا وەک بەربژێرێک بەشداری هەڵبژاردنەکە دەبێت و لە ئاکامدا فوجیموری هەڵدەبژێردرێت.[١٠] سەردەمی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە سەردەمی دەسەڵاتی فوجیمورییە. گرنگە بزانین نووسەر چۆن لەگەڵ کەسایەتیی ڕکابەرەکەی خۆیدا هەڵسوکەوت دەکات و چەندە لۆجیکی گێڕانەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕکابەرایەتیی سیاسی و تاکەکەسی. مرۆڤ پێویست نییە گێڕانەوەناسێکی بەئەزموون بێت بۆ ئەوەی لەم ڕاستییە تێبگات کە نووسەر چەندە بە پەرنسیبی گێڕانەوە وەفادارە و چەندە شارەزایانە خۆی لە ئافەتی کینە و کێبەرکێیی بەدوور گرتووە. گەر کەسێک ئاگاداری مێژووی ژیانی ڤارگاس یوسا نەبێت و ڕووداوی سەرنەکەوتنی ئەو لە هەڵبژاردنەکەدا نەزانێت، زۆر وێ ناچێت هەست بکات ڕکابەرە سیاسییەکەی دوێنێ بتوانێت نووسەرێکی ئاوا توانای ئەدەبی و ئافرێنەری گێڕانەوەیەکی ئاوا ڕیئالیستی بێت. ئەمەش لەڕاستیدا گرێدراوی پەرجووی گێڕانەوەیە کە دواجار ڕووداوە مێژووییەکان لە هەناوی خۆیدا واها دەحاوێنێتەوە کە خوێنەر دەکاتە خاوەنی باشترین کەرەسەی تێگەیشتن لە کۆدەقی سەردەمانێکی دیاریکراو لە شوێنێکی دیاریکراو. لێرەدا ڕەنگە جیاوازیی ڕۆمان و مێژوو بە زەرافەتێکی زۆرەوە هەمدیسان ڕووی سووری خۆی نیشان بدات.

[١٠] لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکەدا ڤارگاس یوسا وەک بەربژێری بەرەی دیمۆکراتیک ٣٣٪ دەنگەکان دێنێتەوە و ئالبێرتۆ فوجیموری نزیکەی ٢٩٪. بەڵام لە خولی دووهەمدا لە کاتێکدا دەنگەکانی یوسا تەنیا ٥٪ زیاد دەکەن، دەنگەکانی فوجیموری دوو بەرابەر زیاد دەکەن و لە ئاکامدا ئەو بۆ دە ساڵ دەبێتە سەرۆککۆماری پێرو. دەگوترێت لەبەر پێداگریی زۆری ڤارگاس یوسا لەسەر پەرەپێدانی هەرە زۆری کەرتی تایبەت، زۆربەی دەنگدەران لێی پرینگانەوە و دەنگیان دا بە ڕکابەرەکەی. فوجیموری دواتر بەهۆی جینایەتەکانی سەردەمی دەسەڵاتدارییەکەی، دادگایی دەکرێت و بە ٢٥ ساڵ زیندان سزا دەدرێت.

دەستپێکی ڕۆمانەکە دیمەنی دوو ژنی مێردداره کە پێوەندیی دۆستایەتی و خێزانییان هەیە و ئێستا بەیەکەوە لەنێو جێگادان و خەریکی سێکسکردن لەگەڵ یەکترن. گێڕانەوەی بە وردەڕیشاڵی جووتبوونی ئەم دوو ژنە بۆ یەکەمجار وەک هەموو گێڕانەوەکانی دیکەی **ڤارگاس یوسا** هێندە وەستیانەیە کە بەر لەوەی خوێنەر هەست بە خوێندنەوە بکات هەست بە بینینی دیمەنەکان لەسەر شاشەی سینەما یان تەلەڤیزیۆن دەکات. هەر ئەمەش تایبەتمەندییەکی داوە بە سەرتاپای ئەم ڕۆمانە کە زۆر خێرا بکرێت لەسەر بنەمای بەشەکانی ڕۆمانەکە سێریالی تەلەڤیزیۆنی ساز بکرێت. لە ئامریکای لاتین ئەمجۆرە سێریالە تەلەڤیزیۆنییانە (telenovela) زۆر باون.

٢٢ بەشی پێکهێنەری ئەم ڕۆمانە دەکرێ بە شێوەیەکی سەربەخۆیش بخوێندرێنەوە و وەک چیرۆکی کورتی خۆشپێکهاتە سەیر بکردرێن. بەڵام بە دەکارهێنانی وشیارانەی تێکنیکی هەڵواسین (suspension) هەر کام لەم بەشانە و دەکرێ بڵێین هەموو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە واها خوێنەرەوە کەمەندکێشی خوێندنەوە دەکەن کە ئەستەمە خوێنەر بە سانایی واز لە خوێندنەوە بێنێت. لە کاتێکدا هەر بەشەی ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی گشتی لایەنێکی ژیانی کاراکتەرێک یان چەند کاراکتەرمان پێ دەناسێنێت، لە بەشێک ماوە بۆ بەشی پێش کۆتایی ڕۆمانەکە، بەشێکی هەرە درێژ بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکیش و چڕ و تێکەڵاو و لێکدراو تەرخان بە گفتوگۆی چەندین کاراکتەر بە یەکەوە دەکرێت، بێ ئەوەی نووسەر یان وەگێڕ بە هیچ شێوەیەک دەست باوێتە نێو ڕەوتی گێڕانەوەکە و دیالۆگەکان و تەنانەت بڵێت کێ وای گوت و کێ بەرسیڤی داوە. ناوێک کە نووسەر لەم بەشەی دەنێت، واتە گێژاو و خوڕین (A Whirlpool) پڕ بە پێستی تایبەتمەندیی گێڕانەوەیی ئەم بەشەیە. ئەمەش لەڕاستیدا دەبێتە جۆرێک لە کردەوەی کۆمەڵایەتی کە مرۆڤەکان لە ژیانی ئاسایی خۆشیاندا تووشی دێن. بۆ نموونە ئێمە هەر کاممان چەند هاوڕێمان هەیە و دەتوانین بە شێوەی جیاجیا بیانبینین و قسە و باسی خۆمانیان لەگەڵ بکەین. دەکرێ لە شوێنێکیشدا هەموویان بە یەکەوە ببینین و ببین بە گوێگر و هاودەنگی هەموویان لە یەک شوێنکاتدا. گواستنەوەی فەزایەکی لەم چەشنە بۆ نێو دونیای گێڕانەوە گەر بە لێزانی بکرێت دەتوانێت خوێنەر بباتە نێو ئەزموونی دەوڵەمەندی خوێندنەوەی هاوکاتی زەینییەتی چەند کەس. لەم بەشەدا زۆربەی هەرە زۆری کاراکتەرەکان بە یەکەوە قسە دەکەن و ڕیزکردنیان بەدوای یەکتردا ئۆرکێسترایەکی فرەدەنگی پڕ لە هارمۆنی پێک هێناوە کە هێندێ جار خوێنەر تووشی پشووسواری دەبێت و بە زەینی چالاک و وشیاری وەگێڕ تووشی سەرسامی دەبێت.

پرسی پێشبینی و زانینی ئەوەی کە خوێنەر چەندە لە هەڵدانی ئاکامی ڕووداوەکاندا سەرکەوتووە یارییەکی خۆشی خوێندنەوەیە کە چێژێکی تایبەتی دەدات بە کردەی خوێندنەوە. لەم ڕۆمانەدا هەر لە دەستپێکەوە خوێنەر تووشی دونیایەک دێت کە لە ئاسۆی چاوەڕوانییەکانیدا ناگونجێت. ئەم بەشە، خەونی ماریسا، بە هەڵکەوت نییە کە بە

'خەون" پێناسە کراوە. لە یەکەم ڕستەی ڕۆمانەکەوە دەردەکەوێت کە خودی ماریساش چاوەڕوانیی ئەو شتەی کە خەریکە ڕوو دەدات ناکات. "ئەو وەخەبەر بوو یان خەونی دەبینی؟"[١١] هێشتا چوار دێڕ لە باسی هەستی گەرمایی لەشی ماریسا و تامی ئەو شەرابەی لەگەڵ چابێلای دەستە خۆشکی خواردوویەتەوە، نەگوزەراوە کە خوێنەر تێدەگات بەستێنی گێڕانەوەکە وڵاتێکە پڕ لە ئازاری کوشتن و بڕین و تیرۆر و سەرکوت و ڕەوشی نائاسایی و یاساغیی هاتوچۆ لە شەودا. هەمدیسان تایبەتمەندیی تەواو سیاسییانەی گێڕانەوەکانی ڤارگاس یوسا. دەڵێی سیاسەت و ژیان بە بەر یەکترەوە دووراون و ئەمئەوێتیی سیاسەت و ژیان یاسایەکی بێ ڕیزپەڕە.

لە پێوەندیی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر و ئەوەی کە لە بەشداربوونی چالاکانەی ئەو لەگەڵ ڕووداوەکانی دەقدا ماناکان دەئافرێندرێنەوە و چێژ دەستەبەر دەکرێت، کارکردی چلۆنایەتیی گێڕانەوەی سیاسی و مێژوویی زۆر گرنگە. بۆ نموونە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا ئەگەرچی نووسەر دەبێت بە شێوەیەکی گشتی بە گێڕانەوەی دروستی ڕەوتی ڕووداوەکان وەفادار بێت، بەڵام نابێ بۆ چرکەیەکیش لە کایەی هونەریی گێڕانەوە غافڵ بێت. خوێنەری ڕۆمان دەبێ بەردەوام ئەمەی لەبیر بێت ئەوەی دەیخوێنێتەوە دواجار دەستکردی خەیاڵە و بەس. ئەمە لە کاتێکدایە دەبێ بە هەموو ئەزموون و زانایییەوە، شارەزای هەلسوکەوتی هونەرییانە، مێژووییانە و گێڕانەوەییانەی شیاوی نووسەر لەگەڵ واقیع/ڕاستیدا بێت. ئەمەیە بەندی لە موو باریکتر و لە ئەڵماس تیژتری نێوان واقیع و خەیاڵ. گەر بۆ خوێنەری ڕۆمانێک هەموو شتەکان و ڕووداوەکان چاوەڕوانکراو بن، ئەوە پارسەنگی چێژ دەشێوێت. پێچەوانەی ئەم هاوکێشەش هەر ڕاستە. واتا ئەگەر هەموو ڕووداوەکان دژی ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی خوێنەر بن، هەمدیسان پارسەنگی چێژ دەشێوێت. چ مەتەڵۆکێکە ئەم گێڕانەوەیە، کۆنترین دیاردەی مێژووی مرۆڤ!

بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە تەواو دەبێت و خوێنەر لە خۆی دەپرسێت تۆ بڵێی ئەوەی خوێندییەوە تەنێ ئاماژەیەکی ساکار بە ڕووداوێکی پەراوێزکراوی گێڕانەوەکە بێت یان لە ڕەوتی ڕۆمانەکەدا دیسانەوە کارتێکەریی بەرچاوی خۆی دەبێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کەسایەتیی دوو ژنەکەی دەستپێکی ڕۆمانەکە و پێوەندییە سێکسییەکەیان دەبێتە خاڵێکی ناوەندی لە سەرتاپای گێڕانەوەکە و دونیا ئافرێندراوەکەیدا بە هەموو پەلوپۆ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانییەوە. لەوەش گرنگتر ئەوان دوا جار هاوسەرەکانیشیان پەلکێشی ئەم یارییە دەکەن. یەکیان بە تەواوی دەچێتە نێو پێوەندییەکی سێکسیی سێلایەنەوە، واتە مێردی یەک لە ژنەکان کە تووشی گرفتێکی کۆمەڵایەتیی زۆر گرنگ هاتووە و بە شێوەیەک ئابڕووی چووەتە سەر لکی داران، لە لایەن ژنەکەی خۆیەوە و دەستەخوشکی

---

[١١] Vargas, Llosa Mario, The Neighborhood, English translation Edith Grossman, New York: Farrar, Straus and Giroux, 2018, p. 3.

ژنەکەیەوە بانگهێشتی پێوەندیی سێلایەنەی سێکسی دەکرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە دەستەخوشکی ژنەکەی، چابێلا، هاوسەری دۆستی گیانی بە گیانیی ئەم پیاوە واتا لوچیانایە. ئێنریک کەوتووەتە بەر غەزەبی سەرنووسەری گۆڤارێک و وێنە ڕووتەکانی بڵاو بوونەتەوە و تووشی ئابڕووچوون بووە و تەنانەت دواتر تۆمەتی کوشتنی سەرنووسەری گۆڤارەکەشی دراوەتە پاڵی و بۆ شەوێک ڕەوانەی زیندانیشکراوەد و لە بەندی زیندانییە جینایەکاندا ئەوپەڕی بێحورمەتی پێ دەکرێت، ئێستا لەو پەڕی سەرسوڕماندا بانگهێشتی نێو تەختی خەوی ژنەکەی خۆی و ژنی نزیکترین هاوڕێی دەکرێت. "ئەو تووشی سەرسوڕمان دەبێت و لە هەمان کاتدا کەیفخۆشیشە. پێشتر خەونی ئاوای بینیبوو، بەڵام هەرگیز پێی وا نەبوو شتێکی ئاوا بکرێت و ئەمجۆرە خەونە وەڕاستی بگەڕێت."[12] دوابەشی ڕۆمانەکە، 'کۆتاییەکی خۆش'، پێی پیاوی چوارەمیش دێنێتە نێو گەمەکەوە و ئیتر سەفەری ئەمجارەی ئەم دوو بنەماڵە دۆستە بۆ مەیامەی لە ئامریکا و حەسانەوە لە لێواری دەریا وا ڕێک دەخرێت کە هەموویان بە یەکەوە بن. ئەوەیکە ئەم سێ لایەنە بزانن کە پیاوەکەی دیکەش ئاگاداری ئەم پێوەندییەیە هەم بۆ ئەوان و هەم بۆ خوێنەرەوە دەبێتە بەشێک لە ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکانی گێڕانەوەکە. دوا قسەکانی لوچیانا وا نیشان دەدەن کە ئەو ئاگاداری پێوەندیی هاوڕێیەکەی خۆی لەگەڵ ژنەکەیتی و پێشنیار دەکات بۆ جێژنی بیرەوەریی سێساڵەی ئەم پێوەندییە، ئەمجارە ئەویش لەگەڵیان بچێتە میامەی. بەمجۆرە وا دیارە دیمەنی جووتبوونە سێلایەنەکە ئەمجارەیان لایەنێکی دیکەشی لێ زیاد بێت و ببن بە چوارکەس. ئەم ڕووداوە دەگمەنە و ئەم پێوەندییە سێکسییە لەنێوان ئەم دوو بنەماڵە دەستڕۆیشتوو و خوێندەوار و دەوڵەمەندەدا دەکرێت ببێتە هەوێنی لێکدانەوەی زۆری خوێنەران. پرسیار ئەوەیە گەلۆ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان سیستمی سیاسیی دیکتاتۆرییانە و شێوەی گوزەرانی سێکسی لەنێو دەستڕۆیشتوانی کۆمەلگەیەکی دیاریکراودا هەیە یان نا؟ بە واتایەکی دیکە مرۆڤ دەکرێ پرسیار بکات دیاردەی ڕەوشت و سیاسەت چەندە کارتێکەرییان لەسەر یەکتر هەیە؟ ئەوەی لەم ڕۆمانەدا دەبیندرێت، وەڵامێکی ئەرێنییە بەم پرسیارە. لە هەلومەرجی دیکتاتۆری و نەمانی نۆڕمە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا، دەستڕۆیشتووەکانی کۆمەڵگە دەتوانن زۆر بە سانایی بۆشایی بایەخە کۆمەڵایەتییەکان بە کردەوەگەلی تابووکراو و جۆرێک لە تێپەڕکردنی کات بەم شێوەیە پڕ بکەنەوە.

شارەزایی لەگەڵ دونیای کارەکتەرەکان ئەو دەسەڵاتە گێڕانەوەییە بە ڕیئالیزمی ڤارگاس یوسایی دەدات کە لە وێناکردنی وردبینانەی کردەوەکانیاندا سەرکەوتوو بێت. هەر وەک جان ئاپدایک لە پەسنی یەک لە ڕۆمانەکانی ڤارگاس یوسادا دەڵێت، ئەو هێندە بە وردی و سروشتی باس لە تووشبوونی کاراکتەرەکانی بە هەلامەت دەدوێت ڕەنگە خوێنەر لە

[12] Vargas, Llosa Mario, *The Neighborhood*, English translation Edith Grossman, New York: Farrar, Straus and Giroux, 2018, p.187.

وەرزی هەڵامەتدا هەست بکات خۆیشی هەڵامەتی گرتووە.[١٣] وردەکارییەکانی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەو ڕۆمانەدا تەواو لە خزمەت ناساندنی هەمەلایەنەی کاراکتەرەکاندان. کاتێک ژیانی پڕ لە چەرمەسەریی ژوان پینێتا بەسەر دەکەینەوە، پێوەندیی ئەو و پشیلەکەی، واتە سێرافین، دەبێتە خاڵێکی گرنگی تێگەیشتنی ئێمە لەمەڕ کەسایەتیی ئەو وەک شاعیری دوێنێ و لێقەوماوە فەرامۆشکار و بەلەنگازەکەی ئەمڕۆ. خوێنەری ژیر هەر زوو تێدەگات گەر پشیلەکەی ژوان خاوەنی ناوی تایبەتی خۆی نەبوایە، چێژی خوێندنەوەی بەسەرهاتەکە تووشی کەمایەسییەک دەبوو.
ڕەنگە خوێندنەوەی بەشێک لە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە بواری پێوەندیی سێکسییەوە لێکدانەوەی جیاواز هەڵگرێت و هەموو خوێنەرێک لەگەڵ ئەم چەشنە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کردەی سێکسوالیتەی کاراکتەرەکانی نێو ڕۆمانێکدا نەبێت. سیاسەت و سێکس و مرۆڤ و کردەی سێکسی و دیکتاتۆرییەت دەتوانن بابەتێکی گرنگی جێگەی تێرامان بن و پێوەندییان بە یەکەوە ببێتە هەوێنی لێکۆڵینەوەی کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا. ئەو ڕاستییە کە فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم ڕۆمانە سەردەمی فوجیموری و سیستمی دیکتاتۆرییەتە و خەباتێکی چەکداریی بەربڵاو لە کۆمەڵگەی پێرودا لەئارادایە و تیرۆریزم و مرۆڤکوشتن و بێسەروشوێنکردن وەک کردەیەکی ڕۆژانە بەرهەمهێنەرەوەی زەبروزەنگە، دەتوانێت پاساوێک یان هاندەرێک بێت بۆ کردەوەی لە چەشنی پێوەندیی خێزانە دەستڕۆیشتووەکانی کۆمەڵگە. هەڵبەت ئەمە باسێکی فەرهەنگییە و لە کۆمەڵگەیەکەوە تا کۆمەڵگەیەکی دیکە زۆر جیاوازە. بۆ نموونە من هەتا ئێستا تووشی هیچ ڕۆمانێکی کوردی و فارسی و تورکی نەهاتووم کە ئاوا وێنای پێوەندیی سێکسی لە گێڕانەوەیەکدا بکات. لەبیرمان بێت هێندێک شوێنی ئەم گێڕانەوەیە خۆ لە قەرەی پۆرنۆگرافی دەدات و زۆر لە پێوەندیی ئێرۆتیکی تێدەپەڕێت. بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی ڤارگاس یوسا وەک نووسەرێکی جیهانی و زۆر جیددی ناکرێت بەشێک لە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە نەبێتە جێی لێکدانەوە و بۆچوونی جیاوازی خوێنەرەکانی.
خوێنەری سەر بە فەرهەنگی بەپارێزی کۆمەڵایەتی لە خەڵوەتی خۆیدا ڕەنگە لە خوێندنەوەی هێندێک بەشی ئەم ڕۆمانە سوور هەڵگەڕێت و لای سەیر بێت نووسەرێکی وەک ڤارگاس یوسا ١٧ لاپەڕە تەرخانی دیمەنی جووتبوونی سێکسیی دوو ژن و پیاوێک بکات و لە هیچ شوێنێکی گێڕانەوەکەشدا وەک وەگێڕ بۆچوونی خۆی لەمەڕ ئەم دیمەنانە نیشان نەدات.
خاڵێکی گرنگی دراوسێیەتی برییتییە لە گرنگیدان بە ژیان و کارتێکەریی کاراکتەرە لاوەکییەکانی گێڕانەوەکە. لەم ڕۆمانەدا

١٣ Garner, Dwight, ‘A Pulpy New Novel and Juiceless Old Essays from Mario Vargas Llosa’, *The New York Times*, 19 Feb. 2018, retrieved 6 April 2021.

کارەکتەرە لاوەکییەکان یان ئەوانەی پشت گوێ دەخرێن و لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا دەژین خاوەن ڕۆڵێکی تایبەتن. دژکردەوە بوێرانەکەی ژولیتا، جێگرەوەی سەرنووسەری ئێکسپۆزد، ڕۆلاندۆ، یەک لەو شوێنانەیە کە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر هەڵسوکەوتێکی چاوەڕواننەکراو دەکات. ڕەنگە خوێندنەوەیەکی مارکسیستی لەسەر ئەم ڕۆمانە بتوانێت پەردە لەسەر پێوەندیی چینایەتی لە کۆمەڵگەی ئامریکای لاتینیدا بە باشی لا بدات و خوێنەر بباتە نێو دونیای پڕ لە مەتەڵۆکی چینایەتی و کارکردی مرۆڤەکان بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتییان. چارەنووسی تاڵی سەرنووسەری گۆڤاری ئێکسپۆزد (Exsposed)، ڕۆلاندۆ گارۆ و دواتر کردەوەی دوور لە چاوەڕوانیی جێگرەوەکەی، ژولیتا، و هەڵسوکەوتەکانی وێنەگری گۆڤارەکە، سێفێرینۆ، شاعیرێکی لێقەوماوی بەلەنگازی خانەنشین، ژوان پینیتا و پشیلەکەی، دەرفەتێکی ئاوا دەدەن بە خوێنەر کە ڕۆڵی کەسانی جیاواز لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بەباشی ببینێت و لە میکانیزمی دەسەڵات و داپڵۆسینی جەماوەر تێبگات. ژیانی پڕ لە مەینەت و زەحمەتی پەراوێزخراوانی کۆمەڵگە و بەراوردکردنی لەگەڵ ژیانی توێژی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند، جارێکی دیکەش پێوەندیی دەسەڵات و سیاسەت و سەرکوت و سەرمایە بە جوانی دەردەخات. لەم نێوەدا کاتێک دەبینین خەڵکانی سەر بە چینی خوارەوەی کۆمەڵایەتی دواجار بە گوێرەی خواستی دەسەڵاتداران ناجووڵێنەوە و سەرەڕای ئازارێک کە لە نەبوونی دادی کۆمەڵایەتی دەیچێژن، دەتوانن بە کردەوە بەزمی پڕ شەوکەتی دەسەڵاتداران تێک بدەن، خوێنەری دادخواز هەناسەیەکی دێتەوە بەرخۆ و ئومێدەوار دەبێت کە تەنانەت لە دونیای لیبرالیی ڤارگاس یوساشدا هیوایەک بە ڕاوەستان دژی سیستمی سەرکوت و داپڵۆسینی سیاسی لەئارادایە. کردەوەی زیرەکانەی ژولیتا و خۆ دەربازکردنی لە کۆتوبەندی 'دکتۆر' و لەقاودانی کوشتنی بێبەزییانەی سەرنووسەری گۆڤاری ئێکسپۆزد دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە گۆڕینی سیستمی دیکتاتۆریی فوجیموریدا.

## ئەنجام

گێڕانەوەی سەرکەوتوو و هەڵسوکەوتی وشیارانە لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دونیایەکی خەیاڵی، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر واقیعی، تەنانەت واقیعیتر لەو دونیایەی تێیدا دەژیین، پێویست ناکات پڕ بێت لە دروشمی قەببەی سیاسی و شۆڕشگێڕانە. ئەوەی کە ڕۆژگارێک مارکس لە گێڕانەوەی بالزاکدا دەیدیت و لوکاچ لە ڕۆمانەکانی والتر سکاتدا دەیبینی، خوێنەری ئەم سەردەمە لە ڕۆمانەکانی ماریۆ ڤارگاس یوسادا دەیانبینێت: وردەکارییەکانی کارکردی دەسەڵات و میکانیزمی داپڵۆسینی جەماوەر و ڕۆحی سەردەمێکی دیاریکراو و دەروونناسیی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەیەکی داپڵۆسراو.

دراوسێیەتی دونیایەکی ئافرێندراوی خەیاڵییە کە خوێنەر دەباتە نێو هەناوی ڕووداوەکانی وڵاتێک و لە ڕێگەی بەسەرهاتی چەند کەسێکەوە سەرتاپای ئەم وڵاتەت پێ دەناسێنێت و بە ناساندنی ئەم وڵاتەش ئاگاداری ئەو یاسا و ڕیسایانەت دەکاتەوە کە وردبینانەتر لە پێوەندییەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگەکانی دیکەشدا بڕوانی. ڕەمزی ئەم سەرکەوتنەش بەر لە هەموو شتێک لە نهێنییەکانی گێڕانەوەدا خۆی حاشار داوە.

لە کۆتاییدا حەز دەکەم بڵێم کە جوان دەزانم ئەم ڕۆمانە لە فەزای ئەمڕۆی ئێراندا شانسی وەرگێڕان و بڵاوبوونەوەی نییە. نازانم ئایا ئەم ڕۆمانە کراوەتە عەرەبی و تورکی یان نا. ئەگەر نا، خۆزگە ئەم ڕۆمانەش دەچووە لیستی ئەو ڕۆمانانەی پێش لەوەی بکرێنە فارسی، عەرەبی و تورکی، دەکرێنە کوردی.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری وانەر بڵاوکراوەتەوە

---